# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

**ژمارە(٣٣٠)    ساڵی بیست وچوار    ٢٤ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤زایینی    ٤ بەفرانبار ٢٧٢٤ کوردی    ٢٣ جمادی دووەم ١٤٤٦ کۆچی**

# 330



**بڕیاری ژمارە (٢٦٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١

تایبەت بەقیستکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە وەک (بدل تملیک) وەردەگیرێت لە هاووڵاتی زێدەڕۆکار

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ٣

تایبەت بە پرۆژەی گەشانەوە

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ٨

هەمواری ڕێنماییەکانی تایبەت بە خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ١٠

فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ملا بروان)

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٤** ١١

گواستنەوەی گوندی (مچە کوێر)

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ١٢

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ١٣

تایبەت بە درێژکردنەوەی بڕیاری (٦١١)ی ساڵی ١٩٧٧

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن** ١٤

هەمواری بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد(٣٣٠) السنة رابعة وعشرون ٢٤ كانونى الأول ٢٠٢٤ م. ٤ بەفرانبار ٢٧٢٤ ك. ٢٣ جمادي الثانى١٤٤٦ هـ.

330

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٦٦) لسنة ٢٠٢٤ مجلس الوزراء | ١ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٤ العمل والشؤون الاجتماعية | ٣ |
| تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٨ |
| بيان رقم (٢٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ١٠ |
| بيان رقم (٢٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ١١ |
| بيان رقم (١٩) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ١٢ |
| بيان رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة و الموارد المائية | ١٣ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارةألاعمار و الاسكان | ١٤ |


No. 330 Date: December 24, 2024 - Vol.: 24



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ١٦٩٢٩ لە ٢٠٢٤/١٢/٩**

**بڕیاری**

**ژمارە (٢٦٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٢) لە ٢٠٢٤/١١/٢٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراویان ژمارە (١٠٧٥) لە ٢٠٢٤/١١/٣ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١٨٥) لە ٢٠٢٤/٨/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- بەقیستکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە وەک (بدل تمليک) وەردەگیرێت لە هاووڵاتی زێدەڕۆکار کە بەمەبەستی نیشتەجێبوون خانوویەکی زێدەڕۆیی دروستکردووە لەسەر زەوی موڵکی گشتی لە سنووری شارەوانییەکان کە لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون تەرخانکراوە، بە مەرجی هەبوونی سەرجەم مەرج و پێداویستی و ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ (یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەرکراوە لە هەرێمی کوردستان-عێراق) هەمواركراو بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩).

٢- پێویستە زێدەڕۆکار کە حوکمەکانی یاسای هەمواركراوی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە دەیگرێتەوە، پێشەکی ڕێژەی (٣/١) سێ یەکی (بەدەل تەملیکی) زەوییەکە بدات بە شارەوانی تایبەتمەند، و ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوە پێویستە بە (٣) سێ بەرکەوتەی یەکسان بدات بە مەرجێک لە ماوەیەک بێت کە لە (٢) دوو ساڵ تێپەڕنەکات.

٣-بۆ مەبەستەکانی سوود وەرگرتن لەم بڕیارە، پێویستە لەسەر زێدەڕۆکار بەڵێننامەی پەسەندکراو پێشکەش بکات بۆ پابەندبوون بە پێدانی بەرکەوتەکان لە کاتی خۆی، وە بە پێچەوانەوە بەقیستکردنی بەدەل تەملیکەکە هەڵدەوەشێتەوە و پێویستە زێدەڕۆکار تەواوی پارەکە بدات بە شارەوانی تایبەتمەند. بۆ ئەم مەبەستەش، نیشانەی مامەڵەنەکردن (إشارة عدم التصرف) لەسەر زەوییەکە دادەنرێت و ئەم نیشانەیە هەڵناگیرێت تاوەکو زێدەڕۆکار تەواوی قیستەکان دەدات.

٤-ئەم بڕیارە ئەو زێدەڕۆکارانە دەگرێتەوە کە مەرج و ڕێکار و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوەیان تێدایە.

٥- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای هەموارکراوی ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران دەردەکات و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٦-وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و کار بە هیچ بڕیار و نووسراو و ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت دژ بە بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٨٣٥٣ لە ٢٠٢٤/١٢/١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٣)ی یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ و پاڵپشت بە بڕگەی سێیەم لە فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (٢٦٤٠) لە ٢٥/ ٣/ ٢٠٢٣ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**تایبەت بە پڕۆژەی گەشانەوە**

**بەشی یەکەم**
**پێناسە و ئامانج**

**ماددەی (١) پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت** : وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی** : بەڕێوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان.

**پێنجەم: ستافی پڕۆژە** : کارمەندانی پڕۆژەی گەشانەوە لە بەڕێوەبەرایەتی سندوقی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان.

**شەشەم: بانك** : ئەو بانکەی بەشدار دەبێت لە پڕۆژەی گەشانەوە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ وەزارەت دەیکات.

**حەوتەم: لایەنی کارساز** : ئەولایەنەیە کە بەشدارە لە پڕۆژەی گەشانەوە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ وەزارەت دەیکات بەمەبەستی هاوکاری کردنی سوودمەندان لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان.

**هەشتەم: داواکار** : خاوەن پڕۆژەی بچووك یان مامناوەند کە داواکاری پێشکەش دەکات بەمەبەستی سوودمەند بوون لە پڕۆژەی گەشانەوە.

**نۆیەم: سوودمەند**: ئەو پڕۆژانەن کە سوودمەند دەبن لە پڕۆژەی گەشانەوە.

**ماددەی (٢) ئامانج**

**یەکەم:** پاڵپشتی و فراوانکردنی پڕۆژە بچوك و مامناوەندەکان.

**دووەم:** بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان

**سێیەم:** ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر.

**چوارەم:** چالاك کردنی ڕەوشی جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان .

## بەشی دووەم
## (مەرج و بەڵگەنامە پێویستەکان)

**ماددەی (٣) مەرجەکان پێویست لە داواکار**

**یەکەم:** دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

**دووەم:** دانەمەزرابێت لە کەرتی گشتی.

**سێیەم:** تەمەنی لە (٦٠) شەست ساڵ زیاتر نەبیت.

**ماددەی (٤) بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ داواکار**

**یەکەم:** کارتی نیشتیمانی.

**دووەم:** کارتی زانیاری .

**سێیەم:** فۆرمی خۆراك.

**چوارەم:** ژمارەی کەسی بێ هاوتای (UPN) کە لەبانکی تایبەتمەند ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا داواکار فەرمانبەرە یان سەرچاوەی داهاتی تری هەیە.

**ماددەی (٥) مەرجەکانی پێویست لە پرۆژە**

**یەکەم:** مۆڵەتی کارکردنی هەبێت.

**دووەم:** چالاك بێت و بۆ ماوەی ساڵێك یان زیاتر کاری تێدا کرابێت بەپێی بەڵگەنامەی فەرمی پێشکەشکراو.

**سێیەم:** شوێنی پڕۆژەکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق بێت.

**چوارەم:** دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرابێت.

**پێنجەم:** بەڵگەنامەی خاوەندارێتی یان گرێبەستی زەوییەکەی هەبێت.

**شەشەم:** ئەگەر پڕۆژەکە بازرگانی (کۆمپانیا) بێت ژمارەی بازرگانی بێ هاوتا (UEN) ی هەبێت کە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ئەنجام دەدرێت بۆ پێدای کۆدی تایبەتمەند بە کۆمپانیا.

## بەشی سێیەم
## ستافی پرۆژە

**ماددەی (٦)**

**یەکەم: بەڕێوەبەری پرۆژە:** بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان سەرەڕای کارەکەی ئەم ئەرکەی پێ دەسپێردرێت و ڕۆڵی سەرپەرشتیکردن و چاودێری کردنی پرۆژەکانی هەیە بە مەبەستی سەرکەوتنیان و داکۆکیکاری پرۆژەکەیە لە بەرامبەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و هاوکارەکانیان.

**دووەم: جێگری بەڕێوەبەری پرۆژە**: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە دەرچووی زانکۆبێت و شارەزایی لەکارەکەی کەمتر نەبێت لە (٥) پێنج ساڵ و ڕۆڵی پشتیوانی کردنە لە چالاکیەکانی بەڕێوەبەری پرۆژە و وەك نێوەندگیرێك کاردەکات لە نێوان بەڕێوەبەری پرۆژە و فەرمانبەرانی ستافی کارکردن.

**سێیەم: لێپرسراوی گرێبەست**: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە دەرچووی کۆلیژی یاسا بێت وشارەزایی لەکارەکەی کەمتر نەبێت لە (٥) پێنج ساڵ و ئەرکی ڕێکخستن و چاودێریکردن و پابەندبوونی لایەنەکانی گرێبەست بە ناوەڕۆکی گرێبەستەکانە.

**چوارەم: کارمەندانی بەدواداچوون**: ئەرکیان بەدواداچوون و چاودێریکردنی ئەنجامدانی چالاکییە پێویستەکان و سەردانیکردنی پرۆژەکانە.

**پێنجەم: بڕیاردەرەکان**: ئەرکیان چاودێریکردنی پرۆسەی پێداچوونەوە بە داواکارییەکانە و ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە هەڵسەنگاندنی ئەو داواکارییانەی لە لایەن ووردبینانەوە بۆیان بەرز کراوەتەوە بۆ پەسەندکردنیان یان ڕەتکردنەوەیان.

**شەشەم: کارمەندانی ووردبینی**: یەکەمین لایەنن کە پێداچوونەوە بۆ داواکارییەکان دەکەن و پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکەن و ئەو داواکارییانەی مەرجەکانیان تێدایە بەرز دەکەنەوە بۆ لایەنی بڕیاردەر.

**حەوتەم: تیمی هەڵسەنگاندن**: ستافێکە لە ناو بەڕێوەبەرایەتی قەرزی بچووك پێکدەهێندرێت بۆ هەڵسەنگاندی شیاوی بازرگانی پرۆژەکان، یان لایەنی کارساز کە وەزارەت گرێبەستی لەگەڵ دەکات.

## بەشی چوارەم
## قۆناغەکانی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە

### ماددەی (٧) قۆناغی پشکنینی سەرەتایی

**یەکەم: داواکاری**: داواکار لە ڕێگەی پۆرتاڵی تایبەت بە پرۆژەی گەشانەوە بە شێوەی ئۆنلاین داواکاری پێشکەش دەکات.

**دووەم: ووردبینی**: ستافی ووردبینی لە وەزارەت پشکنینی سەرەتایی بۆ داواکارییەکان دەکات و ئەو داواکارییانەی مەرجەکانیان تێدایە بەرزیان دەکاتەوە بۆ بڕیاردەر.

**سێیەم: بڕیاردان**: بڕیاردەر پێداچونەوە بۆ داواکاریەکان دەکات و بەرزیان دەکاتەوە بۆ تیمی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان یان لایەنی کارساز پاش دڵنیابوون لەوەی پرۆژەکە و خاوەنەکانی لەناو لیستی ڕەش نین.

### ماددەی (٨) قۆناغی هەڵسەنگاندن:

**یەکەم**: تیمی هەڵسەنگاندن هەڵدەستی بە تەواو کردنی پرۆسەی پاڵاوتن و پوخت کردنەوەی لیستی پاڵێوراوان بۆ ئەو ژمارەی کە مەبەستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا و لەڕێگای ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی شیاوی بازرگانی (BVA) کە لە لایەن ستافی پرۆژە یان لایەنی کارساز ئەنجام دەدرێت .

**دووەم:** بەرزکردنەوەی بۆ بەڕێوەبەری پڕۆژە.

**ماددەی (٩) قۆناغی ڕەوانەکردن**

بەڕێوەبەری پڕۆژە هەڵدەستێت بە ڕەوانەکردنی دۆسیەی ئەو پڕۆژانەی کە ڕەزامەندیان لەسەر دەدات بۆ بانکی پەیوەندیدار یان دەیانگەڕێنێتەوە بۆ تیمی هەڵسەنگاندن ئەگەر تێبینی لەسەریان هەبوو.

**ماددەی (١٠) قۆناغی بەدواداچوون**

**یەکەم:** ستافی پڕۆژە یان لایەنی کارساز هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی بازرگانی (BDS)بۆ پڕۆژە هەڵبژێردراوەکان لە ماوەی (٤٠) چل ڕۆژ لەدوای وەرگرتنی قەرزی کۆتایی بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ.

**دووەم:** ستافی بەدواداچوون، هەڵدەستن بە بەدواداچوون و چاودێریکردنی ئەنجامدانی چالاکیەکانی بەرنامەی پەرەپێدانی بازرگانی و لەکاتی پێویستدا سەردانی پڕۆژەکان دەکەن.

**ماددەی (١١) قۆناغی پارەدان (قەرزپێدان)** بانك هەڵدەستێت بە:

**یەکەم:** شیکاری بزافی نەختینە (کاش فلۆ ئەنالایس).

**دووەم:** دیاریکردنی بڕی قەرز.

**سێیەم:** پەسەندکردنی ئەو پڕۆژانەی کە لەشیکاری بزافی نەختینە دەرچوون و دەستنیشانکردنی پڕۆژە ڕەتکراوەکان بە هۆکارەکانیەوە.

**چوارەم:** گرێبەست کردن لەگەڵ خاوەن پڕۆژەکان و دیاریکردنی مەرجەکانی پێدانی قەرز و ڕێکارەکانی گەڕاندنەوەی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت و دەرکردنی فەرمانی وەزاری.

**پێنجەم:** پێدانی قەرز بەپێی گرێبەستی نێوان بانك و خاوەن پڕۆژەکان.

**ماددەی (١٢) قۆناغی وەرگرتنەوەی قەرز**

**یەکەم:** دەستپێکی وەرگرتنەوەی یەکەمین پاژەی قەرزەکان دوای (٦) شەش مانگ لە وەرگرتنی قەرزی کۆتایی دەبێت.

**دووەم:** لە ماوەی (٣) سێ ساڵ گشت قەرزەکان دەگەڕێنرێندرێتەوە بۆ سەر ئەژماری وەزارەت لە بانك بەپێی ڕێکەوتی دیاریکراو لە لیستی پاژەکان هاتوو لە گرێبەستەکەدا.

**سێیەم:** بڕی ئەو پاژەی (قیست) دەگەڕێنرێندرێتەوە بە گوێرەی ڕێکەوتنی نێوان بانك و سوودمەند دەبێت.

**ماددەی (١٣)**

لەکاتی ڕوودانی ڕووداوی ملکەچکار (قوة قاهرة) ڕەچاوی بارودۆخەکە دەکرێت لە گەڕانەوەی ڕێکەوتی پاژەی قەرزەکان یان بڕیاری لێخۆشبوون بۆیان لە کاتی لەناوچوونی پڕۆژەکە بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (١٤)**

پێدانی هاندانی مانگانە بە ستافی پرۆژە بە بڕی (٤٥٠،٠٠٠) چوارسەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی.

**ماددەی (١٥)**

ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە دوای بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بە مەبەستی ڕێکخستن و ئاسان جێبەجێکردنی پـڕۆژەی گەشـانەوە بـۆ پاڵپشـتی کردنـی دارایـی پـڕۆژە بچووك و مامناوەندەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ئەم ڕێنماییە دەرکرا.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ٢٦٢٠٥ لە ٢٠٢٤/١٢/١٨**

پاڵپشت بە حوکمەکانی (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ی (ئەنجومەنی وەزارەت) و پاشکۆی ژمارە (١)ی کۆنووسی کۆبوونەوەکە، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

**ڕێنمایی هەمواری هەشتەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری حەوتەمی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٦ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**
**ڕێنمایی هەمواری نۆیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٦ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی دووەم/بڕگەی دووەم/خاڵی ١ و ٢ و ٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی٣/أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی دکتۆرا، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر، و هەموارکردنەوەی (تەوەری یەکەم/خاڵی ٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. سەرجەم قوتابیان/خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێگەیان پێ دەدرێت بەبێ مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی تاوتوێی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا ئەنجام بدەن، بەڵام لە لایەن زانکۆکان بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت تاوەکو ناوبراوان مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار دەستەبەر دەکەن و پێویستە لەماوەی یەک ساڵ لە ڕێکەوتی ئەنجامدانی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەستبهێنن، بە پێچەوانەوە فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناویان لە خوێندن لە لایەن زانکۆکان بۆ دەردەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە قوتابی/خوێندکار بەڵێننامە لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی زانکۆکان پڕ بکەنەوە کە بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە پابەند دەبن.

٢. هەروەها قوتابیان/خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت (تەنها نابینایان) لە خوێندنی دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی پلانی هاندانی نابینایان و لە کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی، لە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەبەخشرێن.

**ماددەی (٢):**

کار بە هیچ ڕێنماییەک یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی ئاسانکاری لە پرۆسەی ئەنجامدانی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، هەروەها هاندانی قوتابیان و خوێندکارانی نابینا لە پرۆسەی خوێندنی باڵا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**حەمەی حەمە سەعید**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**بەوەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٧٥٨٦ لە ٢٠٢٤/١٢/١٢**

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ملا بروان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمواركراو تایبەت بە فراوانكردنی گوندەكان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٦٧٥٦) لە ٢٠٢٤/٨/١٩ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوان كردنی حەرەمی گوندی (**ملا بروان**) سەر بە ناحیەی قەسرۆک/ قەزای شێخان لە سنوری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (١٢١/١/٤٣ دۆنم) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١و٤) لە كەرتی (١٠٣/ملا بروان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆكدا هاتووە بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٧٧٣٠ لە ٢٠٢٤/١٢/١٥**

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**گواستنەوەی گوندی (مچە کوێر)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمواركراو تایبەت بە فراوانكردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٢٩١٦) لە ٢٠٢٤/١١/٢٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**مچە کوێر**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٥) لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بە ناحیەی باوەخۆشێن لە سنوری قەزای دەربەندیخان لەپارێزگای سلێمانی بەڕووبەری (١٢٥، ١١، ٧٢) دۆنم لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی (١١/١، ٢١، ١٤، ٢٣/١، ٢٣/٣، ٢٣/٥، ٢٣/٧، ٢٤/٧، ٢٤/٤) لە کەرتی (١٤/ مچە کوێر) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٦٠٣ لە ٢٠٢٤/١٢/١٨**

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارماندا بە:-

- ڕاگرتنی ئیش و کارەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بەم شێوەیەی خوارەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی (جەرد کردنی ساڵانە).
- ئەم بەیانە لە ڕۆژەی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**یەکەم:** لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/١/٢ تاکو ٢٠٢٥/١/٩ )

- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی هەولێر
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دهۆك

**دووەم:** لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/١/٢ تاکو ٢٠٢٥/١/٨ )

- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی زاخۆ
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕاپەرین
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی گەرمیان
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سیمێل
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی چەمچەماڵ
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کۆیە
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عەنکاوە

**سێیەم:** لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/١/٢ تاکو ٢٠٢٥/١/٧ )

- سەرجەم تێبینەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە

**تێبینی:** ڕۆژانی ٣ و ٢٠٢٥/١/٤ پشووی فەرمیە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٨٩٣٣ لە ٢٠٢٤/١٢/١٨**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی پێنجەم لە بڕیاری ژمارە ( ٦١١ ) ی ساڵی ١٩٧٧بڕیارماندا بە :-

١- درێژکـردنەوەی بڕیـاری (٦١١)ی سـاڵی ١٩٧٧ تـایبەتە بە بڕیارەکـانی تەسـویە و ڕاسـتکردنەوەی ناوی جوتیار.

٢- ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـونیەوە کـاری پێـدەکرێت تـا وەکـو سـاڵێک و لە ڕۆژنـامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**

**ژمارە: ٦٧٦٤ لە ٢٠٢٤/١١/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٢٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٢ی تایبەت بەڕێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق وە ئاماژە بە ماددەی (نۆیەم) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (دووەم) هەروەها پاڵپشت بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان هەردوو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردن و ناوخۆ خاڵی یەکەم وە لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئێستادا هاتۆتە پێش لە جۆر و ژمارەی ئەکسڵی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان وە ژمارەی تایە و جۆرەکانیان بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :-

١- لە داهاتوودا تەنها مامەڵە لەگەڵ (٣٠) جۆر بارهەڵگر دەکرێت وەک لە لیستی هاوپێچ دیاریکراوە.

٢- ڕێگا نادرێت لەو (٣٠) جۆر بارهەڵگرانە زیاتر تۆمارکردنی بۆ ئەنجام بدرێت یان گۆڕانکاری لە (بۆدی عەرەبانە) بکرێت

٣- ڕێگا نادرێت بە هیچ شێوەیەک ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان یاخود قەلاب لە جۆری سەحال هاوردەبکرێت و بێتە ناو هەرێمی کوردستان لە دەروازەکان ئەگەر جۆری (دەستی بێت یان هەوایی) تەنها ئەو جۆرانە نەبێ کە سەحالەکانیان ئۆتۆماتیکین .

٤- ئەو سەحالانەی کە لەجۆری (دەستی بێت یاخود هەوایی) بگۆڕدرێت بە جێگیر یاخود ئۆتۆماتیک .






٥- بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە ( ٣٢٥ی ساڵی ٢٠٢٤) بە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە و هەڵدەوەشێتەوە .



٦- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/١) جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئەندازیار**

**دانا عبدالكريم حمە صالح**

**وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**

| زنجیره | ژمارەی تایەکانی هەر ئەکسڵێک | جۆری بارهەڵگر | کێشی گشتی بارهەڵگر |
|---|---|---|---|
| دیاری کردنی کێشی ئەکسڵی ڕێپێدراو لەسەر ڕێگا گشتییەکان | | | |
| ١ | ٧-١٣ |   | ٢١ |
| ٢ | ٧-١٠-١٠ |   | ٢٩ |
| ٣ | ٧-١٣-١٣ |   | ٣٣ |
| ٤ | ٧-١٣-١٠-١٠ |   | ٤٠ |
| ٥ | ٧-١٠-١٠-١٣ |   | ٤٠ |
| ٦ | ٧-١٠-١٠-١٣-١٣ |   | ٥٣ |
| ٧ | ٧-١٠-١٠-١٠-١٠ |   | ٤٧ |
| ٨ | ٧-١٠-١٠-٧-٧-٧ |   | ٤٨ |
| ٩ | ٧-١٣-٧-٧-٧-٧-٧ |   | ٥٥ |
| ١٠ | ٧-١٣-٧-٧-٧ |   | ٤١ |
| ١١ | ٧-٩-٩-٩ |   | ٣٤ |
| ١٢ | ٧-٧-٧-٧ |   | ٢٨ |
| ١٣ | ٧-١٠-١٠-١٣-١٠-١٠ |   | ٦٠ |
| ١٤ | ٧-١٣-٧-٧ |   | ٣٤ |
| ١٥ | ٧-١٣-١٣-١٠-١٠ |   | ٥٣ |
| ١٦ | ٧-١٣-٩-٩-٩-٩-٩ |   | ٦٠ |
| ١٧ | ٧-١٣-٧-٧-٧ |   | ٤٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨ | ٧ -١٠ -١٠ -٩ -٩ -٩ -٩ -٩ |  | ٦٠ |
| ١٩ | ٧ -١٣ -١٣ -١٣ |  | ٤٦ |
| ٢٠ | ٧ -١٣ -٩ -٩ -٩ |  | ٤٧ |
| ٢١ | ٧ -١٠ -١٠ -٩ -٩ -٩ |  | ٥٤ |
| ٢٢ | ٧ -٧ -١٠ -١٠ |  | ٣٤ |
| ٢٣ | ٧ -١٣ -٧ -٧ |  | ٣٤ |
| ٢٤ | ٧ -١٣ -٩ -٩ -٩ -٩ |  | ٥٦ |
| ٢٥ | ٧ -١٣ -٧ |  | ٢٧ |
| ٢٦ | ١٢ - ٧ - ١٠ - ١٠ -٩ -٩ -٩ -٩ -٩ |  | ٦٠ |
| ٢٧ | ٧ -٧ -١٠ -٩ -٩ -٩ -٩ |  | ٦٠ |
| ٢٨ | ٧ -١٣ -٧ -٧ -٩ -٩ |  | ٥٢ |
| ٢٩ | ٧ -١٣ -٧ -٧ -٧ -٧ |  | ٤٨ |
| ٣٠ | ٧ -٧ -١٠ -١٠ -١٣ -١٣ |  | ٦٠ |